ئەم بابەتە لە شاری هەولێر لە بەرواری 04-02-2014 لە لایەن مامۆستا(محمدرافع) گووتراوەتەوە، و دۆست و قوتابییانی مامۆستا هەڵساون بە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی.

**قیرائەکردن چارەسەرییەکی بن بڕانەی هاوبەشدانان(شرك)**

**ڕێسایەك بۆ تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ خودای ڕەحمان و مەخلوقەکانی،**

**پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش: ئایا قیرائە چۆن دەکرێت؟**

**کاتێك کە مرۆڤ دەگاتە ئاستێك لە خودای خالقی خۆی دانابڕێت، وەرەو مەخلوقەکان بە چاوێکی دی و وەك خۆیان ببینە، لەبەرچی (عَلَقْ) و شتێکی دیکە نەبوو؟**

**چۆن قیرائە تێڕوانینێکی ئەرێنییانە بنایت دەنێت؟**

**ڕەهەندی دووەمی قیرائە واتە قیرائەکردنی مرۆڤ بە (خَلْقْ) و (خُلُقْ).**

**الله(جل جلاله) وەك (رب) و (خالق) بناسە. وەرن با لە خالیقمان نزیکتر بکەوینەوە.**

**بزانە بەهرە (موهبة)ت چییە لە ژیان؟ لوتکەی کەریمی خودای لەچییە و و بە چ (أسم)ێکە؟ مانای (علم) و (قلم) لەچی هاتووە؟**

**ئایینی ڕاست و ڕەوان (الدین القیم) چۆن لە ناوەوەمان دانراوە؟ و ئایا لادەبرێت؟**

**دۆزینەوەی ئەو (عِلْم)ەی خودای ڕەحمان لە ناوەوەی داناویت. کەی کەڵەگایی (طغیان) دروست دەبێت؟**

**قیرائەکردن مرۆڤێکی دیکە دێنێتە بەرهەم بەڵام جیاواز لە ئاسایی.. چ کاتێك مرۆڤەکان هاوبەشدانەر(مشرك) دەردەچن؟ پێور چییە لۆ تەواوکردنی ئاستی پێویست لە قیرائەکردن؟**

**ئایا قیرائەی چی بکەین؟**

**قیرائەکردن چارەسەرییەکی بن بڕانەی هاوبەشدانان(شرك)**

ئەگەر قیرائەکردن بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین، ئەوا لە سوڕەتی (العلق) دووجار وشەی (إقرأ) دووبارە بۆتەوە، (إقرأ)ێك گشتی، و (إقرأ)ێك تایبەتی، (اقرأ)ی یەکەم گشتی و خەلق، ئەوەی دووەمی (عَلَّمَ)، یەکێکیان (خَلَقَ)ەیە و ئەوەی دیکە (عَلَّمَ)یە، هەمان شێواز بەڵام پێشخستن و دواخستنێکی سەیر لە سوڕەتی (الرحمن) هەیە: ( الرَّحْمَنُ * عَلَّمَ الْقُرْآنَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ * عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)(الرحمن 1-4)، واتە قیرائەیەك لۆ خەلق و قیرائەیەك لۆ (تعلیم)، ئێمە گووتمان هەموو ئامانجی پەروەدگاری جیهانییان(رب العالمین) ئەوەیە خالیقییەتی خۆی لۆ مرۆڤەکان دەستنیشان بکات و دیاریبکات، هەرکاتێك ئێمە توانیمان الله(جل جلاله) بکەینە خالیق، ئەوا ئۆتۆماتیکی هەموو ئەوەی دیکە دەبن بە مەخلوق، کەواتە هیچ پەرستراوێك نامێنێت جگە لە الله(جل جلاله)، لێرەوە چەمکی هاوبەشدانان(شرك) نامێنێت، چونکە تەنیا پەروەدگار(رب) دەبێتە خالیق، کەواتە ئەوەی جگە لە خودای ڕەحمان پەرستراوە مەخلوقە، لۆ نموونە ئاویان پەرستووە، خالیق نییە، ئۆتۆماتیکی دەبێتە مەخلوق، بەردیان پەرستووە، خورمایان پەرستووە، خۆریان پەرستووە، مرۆڤیان

پەرستووە، هەرکاتێك قیرائە کرا، قیرائە بەناوی رب کرا یەکسەر ئەوە دەمێنێتەوە کە هەمووی دەبێتە مەخلوق، هەرچی سیفەتی هاوبەشدانان (شرك) هەیە لە دەروونی ئەو مرۆڤە نامێنێت، هەموو هێز و هەموو مەزنایەتی، و هەموو بەتواناییەکە دەدرێتە پاڵ پەروەردگاری جیهانییان(رب االعالمین)، لەبەرئەمەیە پاکترین ئیمان و ڕوونترین تەقوا هاوەڵانی پایەدار هەیانبوو، لەبەرئەوەی کردەییانە قیرائەیان کردبوو، تاکو گەیشتبووە ئەو حاڵەتەی ئەگەر یەکێك لە هاوەڵان ئەگەر لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی خۆی بووایا، و ئەو دارەی دەستی کە لۆ لێخوڕینی ئاژەڵەکەی بەکاری دەهێنا و لەدەستی بکەوتایا سەر زەوی، بە هاوڕێیەکەی نەدەگووت زەحمەت نەبێت، ئەو دارەم بدەرەوە دەست، بەڵکو دەهاتە خوارەوە، و خۆی هەڵیدەگرتەوە و دیسان سواری ئاژەڵەکەی دەبوویەوە، لۆئەوەی کردەییانە داوی هیچ شتێك لە هیچ مەخلوقێك نەکات، جگە لە الله(جل جلاله)، لەبەرچی؟ ئەوەندەی قیرائەی خالیقیان کردبوو(باسْمِ رَبِّكَ) هەموو هەست و سۆزیان هەمووی ڕێك ئاراستەی خودای ڕەحمان دەکرا، ئەوانی دیکە هەمووی مەخلوق بوون و پشت پێبەستن و پەناپێگرتن (الإستعانة و الإستعاذة)یان بە هیچیان نەدەکرد، هەر ئەو ڕێسایەشە فێریانی کرد (إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهَ وَاعْلَمْ أَنَّ) ئەگەر هەموو مەخلوقاتەکان کۆ ببنەوە تاکو (أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ) بە هەمان شێوە پێچەوانەکەی وەکو ئەوە، لەبەرئەوە بوو هاوەڵە بەڕێزەکان یەك گەردیلە هاوبەشدانان و یەك گەرد لە کوفر لە دەروونیان نەدەما، ئەویش بەهۆی ئەو قیرائەیەوە، تەنیا الله(جل جلاله) خالیقەو ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی مەخلوقە، ئەمەش ڕێسایە.

### ڕێسایەك بۆ تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ خودای ڕەحمان و مەخلوقەکانی

لەبەرئەوە تەنانەت زەوی و ئاسمان و مانگ، تەنانەت گەڵەگایەکان (طواغیت)ی ئەو سەردەمە وەکو (کیسرا) و (قەیسەر) و (ئەبو سوفیان) و ئەوانەی دیکە هەموویان بە چاوێکی زۆر کەم تەماشایان دەکردن، بە چی؟ بەو ڕیسایەی کەوا هەرچی مەخلوقێك هەبوو وزە و تواناکانی هەمووی دیاریکراوە، جووڵە و چالاکی هەموو دیاریکراوە، لەبەرئەوە بەرد بەردە و هیچ جووڵە و چالاکی نییە کەواتە مەخلوقە، لەبەرئەوەبوو کابرای ئیماندار گاڵتەی بە بەردەکەی دەهات کە قوڕەیشییەکان دەیانپەرست، چەند ڕووداوگەلێك گەیە لە مەککە و لە مەدینە، هاوەڵان هاتوونە (پیسییان) بەسەر بت و سەنەمەکان فڕێداوە، لۆئەوەی بەیانییەکەی کە قوڕیشییەکان هەڵسان و ئەو حاڵەتەیان بینی، کەمێك عەقڵیان ئیش بکات، ئەگەر ئەوە خودا بێت دەتوانی ئەو کەسەی (پیسایی) بەسەر فڕێداوە بیکوژێت و دەستی بکاتە بەرد، ئینجا لەبەرئەمەیە ئیمە دێین قیرائە دەکەین، وەك بنچینەیەك قیرائەی یەکەم تەنیا الله(جل جلاله)ی لێ دەردێنین، ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی مەخلوقە، و توانای خودای ڕەحمانی لەسە زاڵە، ئەوە ڕێسایە، وەك زۆرجا باسمان کردووە هاوشێوەی پەرداخێك لە ژێرەوەی بریتییە لە شرك و کوفر، هەرکاتێك ئاو چووە نێو پەرداخەکە، بە هەمان شێوەی ئاوەکە یەکسەر شرك و کوفر لێی دەردەچێت، یەکسەر بە ڕوونی و پاکی دەمێنێتەوە.

**پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش: ئایا قیرائە چۆن دەکرێت؟**

لە نێو قورئاندا کۆمەڵێك ئایات و بە ڕیزبەندی هەیە، خودای پەروەدگاری جیهانییان (رب العالمین) ئایاتی خەلقی هێناوەتەوە، لە سوڕەتە مەککییەکان بەڵام بە ڕێزبەندیی دابەزین بە دوای دابچین، ئەم ئایاتانەی باسی دەکەین هاتووە، لۆ نموونە: خۆر، مانگ، زەوی، ئاسمان، ئینجا پاشان دێتە سەر باسی مرۆڤ، ئینجا پاشان دێتە سەر ئەو ئامرازانەی کە وا مرۆڤ بەکاری دێنێت وەکو خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و جووڵەو چالاکییەکانی، ئەمەش هەموو بە ڕیزبەندییە، کەواتە قیرائەکردنی هەموو مەخلوقات

ڕاستەخۆ خالیقت لۆ دەدۆزیتەوە و ئاشکرای دەکات بە بێ لایەنیی و بە تەنهایی، ئامێرێك هەیە لە ناوەوەی مرۆڤ کە پێشتریش باسمانکردووە، بەوەی ئەو کەسەی دەست بە ئیشکردن دەکات، ئەگەر ئەو ئامێرە ناو بنێین دڵ (قلب)، یان دەروون(نفس) کێشە نییە، ئینجا ئەو ئامێرە ڕاستەوخۆ بەم حاڵەتە دەست بە ئیشکردن دەکات، شوێنەوار (آثار)ی ئیمان دروست دەکات، لەلای ئێمەش پێناسەی قیڕائەکردن واتە تەقواکردن، واتە قیڕائەکردن بەم ناوە پێی دەگووترێت تەقوا، تەقواش ئیمان زیندوو دەکاتەوە، بە مانایەکی دیکە قیڕائەکردن تەقواکردنە، تەقواش ئیمان دروست دەکاتەوە، لەبەرئەوەیە کابرای تەقواکار و ئیماندار دەچنە بەهەشت، دەستەی یەکەم لە هاوەڵە بەڕێزەکان بەرلەوەی نوێژ بکەن و پێش ئەوەی ڕۆژوو بگرن و پێش ئەوەی حەج بکەن و پارەیان هەبێت زەکات بدەن چوونە بەهەشت، لەبەرچی؟ چونکە تەقوایان دەکرد، تەقوا مانای چییە؟ واتە قیڕائەیان دەکرد، دایکی ئیمانداران خەدیجە بەبێ ئەوەی نوێژێك بکات چووە بەهەشت، بە چی چووە بەهەشت؟ بەم قیڕائەکردنە، دەستەی یەکەم لە شەهیدان و ئەوانەی لەسەرەتا کۆچی دواییان کرد لە گرۆی ئیمانداران و خاوەن ئیمانەکان بەوە چوونە بەهەشتەوە، ئێمە کە دێین قیڕائە دەکەین هەر یەکەو بە ڕێگەی خۆی قیڕائە دەکات، کە شتێکی بە وێنە دانا، یان بە مێشك دەڵێین ئەو شتە هی خودایە، ئەو شتە هی کێیە، لە وەڵامدا دەڵێین هی خودای ڕەحمانە، بە بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی لە ژوورەوەمان ئەوە هی خودایە، چونکە شتەکان لەلای ئێمە بووەتە سروشتی! وەك ئاوی سروشتی! بەڵام ئەو ئاوەی هەیە سروشتی نییە! ئەو ئاوە ئی خودایە، گۆشەی چاومان دەگۆڕین، لەبەرئەوەی کردەییانە ئەو ئاوە هی خودایە، لە ژوورەوەمان ئیشی لەسەر دەکەین: جارێك، (10) جار، (20) جار، (1000) جار، یەك ملیۆن جار، تاکو لە ژوورەوەمان کردەییانە ناوەوەمان بڕوا دێنێت، کە ئەو ئاوە هی خودایە، هی پەروەردگار(رب)ە، هەرکاتێك ئاوەکەمان لۆ دەممان برد، و کەمێك لە ئاوەکەمان خوارد، و بەبیرمان هاتەوە ئەوە هی خودایە، ئەوا ئاوەکە بوو بە ماددەی بەبیرهێنانەوەی خودای پەروەدگار لە مێشکمان، چ کاتێك ئەو ئاوە لە ناوەوەمان بووە هی خودای ڕەحمان چیتر پێویست بەوە ناکات قیڕائەی لەسەر ئاوەکە بکەین، بە مانایەکی دیکە، هەرکاتێك ئاوەکەمان لۆ دەممان برد ئاوەکە پێی گووتین ئەو ئاوە هی خودایە و بەبیری هێنایەنەوە ئەوە ئیشی خۆی تەواوکرد، لەبەرچی؟ چونکە ئیشی ئەو ئاوە ئەوەبوو بەبیرمان بێنێتەوە ئەو ئاوە هی خودای پەوەردگارە، کاتێکیش بە بیرمان هاتەوە ئەوە هی خودایە ئەوا تەواو خودامان بە بیرهات. ئینجا ئەم ڕێسایە لەسەر هەموو مەخلوقات دەڕوات، واتە هەرچی مەخلوقە هەرکاتێك بینیمان، خودامان بە بیرهات ئەو مەخلوقە ڕۆڵی خۆی بەجێگەیاند، قیڕائەی کرد، و قیڕائەکردنەکەی تەواوبوو.

**کاتێك کە مرۆڤ دەگاتە ئاستێك لە خودای خالقی خۆی دانابڕێت**

ئەگەر بێتوو مەخلوقەکان لەناو تۆپێکی ڕوون بن هەرچی بخەیتە نێویەوە لەناوی دیاردەبێت، ئەگەر بێتوو ئەو دەورووبەر و بازنەیە هەموو مەخلوقەکان بن، لەلایەکیش مرۆڤەکە بێ، هەموو کاتێك ئەو مرۆڤە لە ناو ئەو مەخلوقاتانە جووڵە دەکات و هەست بەو مەخلوقاتانە دەکات، هەموو کاتێك ئەو مەخلوقاتانە خودای خالقی بەبیر دەهێننەوە، ئەگەر حاڵەتەکە بەم جۆرە بێت، دەپرسین ئایا ئەو مرۆڤە لە خودای پەروەردگار دادەبڕیت؟ بێگومان هەموو کاتێك لە خزمەت خودایە، کەواتە مەخلوقاتەکان هەموو بوون بە تۆپێك بەڵام تۆپێکی ڕوون(شفاف)، مرۆڤەکە ئەویش خۆی لەگەڵیانە، و لە ناویانە، لەبەرئەوە هەرچی هەستی پێ دەکات لە دەورووبەرەکەی چین؟ هەمووی مەخلوقن، ئەی ئەو مەخلوقانە هی کێن؟ هی خالیقەکەیانن، دووبارە دەپرسین ئایا ئەو کەسە لە خالیقەکەی دادەبڕێت؟ ئەمەیە مانای قیڕائە، لەبەرئەوەی هەموو کاتێك لەناو مەخلوقاتەکان جووڵە دەکات، هیچ کاتێك خودای ڕەحمانی لە بیر ناچێت، هیچ کاتێکیش لە خودای ڕەحمان دانابرێت.

**وەرەو مەخلوقەكان بە چاوێكی دی و وەك خۆیان ببینە**

ئەوەی باسمان كرد كاتێك مرۆڤ بەم جۆرە دەجووڵێتەوە، گرتە(لقطة)ی بە جۆرێك جوانتان دەكەوێتە بەرچاو، كە لەوانەیە سەدەها جار و هەزارەها جار ئەو گرتەیەتان بینیبێت كەچی هەر گرنگیت نەداوەتێ، بەڵام ئێستا نەخێر (سبحا الله) دەڵێین ئەو مەخلوقە بەم جۆرە بوو كەچی من نەمبینیوە! گەڵای دار، گەڵای پرتەقاڵ و گەڵای كالیپتۆس، كە چەندەها جار گەڵای كالیپتۆس و پرتەقاڵت بینیوە، بەڵام گرنگیت پێ نەداوە، لەمەودوا كە كالیپتۆسێك وەردەگری بۆنی دەكەیت، تەماشای دەكەیت، دڵگیری دەبیت، ئەمدیو ئەو دیوی دەكەیت، ڕەنگەكەی لەلای سەرەوەی جیایە لەگەڵ ڕووی ژێرەوەی و ڕەنگێكی دیكەیە، ئایا دەزانیت ئەوە گەورەترین كارگەیە، كە خودای پەروەردگار دایناوە، لۆ ئەو دار كالیپتۆسە، ئا لێرەوە دەستی پێدەكات شتەكان وەك خۆی ببینێت.

**لەبەرچی (عَلَقْ) و شتێكی دیكە نەبوو**

پاشان دێتە سەر چی؟ (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق 2) لەبەرچی باسی (عَلَقْ) دەكات؟ بەڵام لەبەرچی باسی (نطفة) ناكات؟ یان لەبەرچی باسی (تراب) ناكات؟ چونكە ئەگەر عەلەقەكە لە سكی دایكی كردەییانە خۆی هەڵواسی(متعلق) بێت بە ڕەحم، ئەو مرۆڤە ئێستا بەستراوەتەوە (متعلق)ە بەم هەموو مەخلوقاتانە، پەیوەستێك هەیە لە نێوان ئەو (علق)ەو ئەو خەلقەی، هەموو ئەو مەخلوقاتانەی كردۆتە ڕەحمی دایك، ئەو مرۆڤە بەو هەڵواسراوە یان بەستراوەتەوە، بە هۆی ئەوانەوە پەروەردگاری خۆی دەناسێت.

لەو كاتەی كە (نطفة)یە پشتی پێ نابەسترێت تاكو نەچێتە قۆناغی (علق) كاتێك بوو بە (علق) لەوەوە قۆناغەكان دەست پێدەكات، و لەو قۆناغە دڵنیا دەبن كەوا هەنگاوی ناوە بەرەو گەشەكردن.

ڕەحمی دایكیش تاكە جیهانە لۆ ئەو (علق)ەیە و دونیاش هەر ئەوەندەیە لەلای ئەو مرۆڤەی، بەڵام ئایا ئەگەر گەورە بوو ئەو مەخلوقاتانە هەمووی نابێت بە ڕەحمی دایك لۆی؟ لە نێو ڕەحمی دایك هەموو شتێك لە خواردن و خواردنەوە هەواو ئەوەی پێویستییەتی هەمووی وەردەگرێت، كەواتە ئەو هەر (علق)ەكەی پێشووە، بەڵام كەمێك پێشكەوتووترە، هەروەك چۆن لێرە ئاو لە دایك وەردەگرێ، لەوێش هەر لە دایك ئاو وەردەگرێت، لەبەرئەوەیە دایكی ڕاستەقینە ئەو دایكەی ئێرە هەڵگریتی، لەبەرئەوەیە كاتێك ئافرەت دووگیان دەبێت لە زمانی عەرەبی چی پێدەڵێن؟ پێی دەڵێن (حاملة)، دایكی ڕاستەقینە ئەوەیە (مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى)(طه 55) لەبەرئەوەش بوو پیاوچاكان كاتێك لەسەر زەوی دەڕۆیشتن دەیانگووت ئەوە دایكمانە و ڕۆژێك دێت باوەشمان لۆ دەكاتەوە، ئێمەش دەچینە ناو سكییەوە. كەواتە ئەو (علق)ە حاڵەتێكی ناوەندییە، مرۆڤەكە لە حاڵەتێكی گەشەسەندوو بەرەو حاڵەتێكی پەرەسەندووتر دەڕوات، هەرچی حاڵەتی (النطفة) دۆخێكی ناجێگیرە، و پێشبینی فەوتان و لەناوچوونی زۆر زۆرە، بەڵام كاتێك دەچێتە قۆناغی (علق) و خۆی هەڵواسی بە ڕەحمی دایك ئەو كاتە كردەییانە ڕێژەی فەوتان و نەمانی كەمتر دەبێتەوە، لەبەرئەوەیە فەرموویەتی: (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق 2) هەرچی ئامرازەكانی ژیان هەیە لە نێو ڕەحمی دایك مەخلوقە لۆ ئەو مرۆڤە، ئەو (رب)ەی لێرە قیرائەی دەكات، هەمان (رب)ە لێرە بە (علق)ە لە ناو مەخلوقاتی دناوە.

**چۆن قیرائە تێڕوانینێكی ئەرێنییانە بنایت دەنێت؟**

لەبەرئەوەیە ئەو مرۆڤەی کە هەردەم دێت قیرائەی خۆی دەکات، لە قۆناغی یەکەم، کردەییانە دەوروبەری خۆی دەبێ هەمووی بە ئەرێنی ببینێ، لەبەرئەوەیە لە ساتی یەکەمی قیرائەوە تێڕوانینێکی ئەرێنی لۆ هەموو مەخلوقات دروست دەکات، لەبەرئەوەشە ئەو کەسەی قیرائە دەکات لە ئەنجامدا دەبێتە مرۆڤێکی ئیمانداری حەق، و هەموو مەخلوقاتیشی خۆش دەوێت، و لەگەڵ هەموو مەخلوقاتێك دۆستایەتی هەیە و لەگەڵ هەموو مەخلوقاتێك: جا چیا و زەوی و ئاسمان و باران و ئاگر و هەموویانی خۆش دەوێت، چونکە ئەوانە هەموویان ئامرازن کرەدییانە ئەو مرۆڤە ژیانی بەهۆیەوە دەباتە سەر، و خۆشیانی دەوێت، و دۆستایەتییان دەکات، لەبەرئەوەشە لەلای ئێمە لە نێو مەخلوقات دوژمن نییە، شێر دوژمنمان نییە، مار دوژمنمان نییە، مشك دوژمنمان نییە و لێی ناترسین، کەسانێك هەیە دەڵێن لێی ناترسین بەڵام گەلێك پیسن! دەڵێین پیسیش نیین. ئەوە ڕەهەندی یەکەمی قیڕائە.

**ڕەهەندی دووەم:**

## ڕەهەندی دووەمی قیڕائە واتە قیڕائەکردنی مرۆڤ بە (خَلقْ) و (خُلُقْ).

قیڕائەی مەخلوقاتی کرد، لە ڕەهەندی دووەم، ئەویش چەند قۆناغێکی هەیە، لێرەدا قیڕائەی مرۆڤ دەکات، لە چی دەست پێ دەکات؟ دەستپێکی لە (علق)ەوە دەست پێ دەکات، نەچۆتە سەر بابەتی (نطفة) ئەو خالیقەی هەرچی پێداویستییەکانی ئەو مەخلوقە هەیە (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق 2) هەمووی لەناو ڕەحمێکی گەورە داناوە، کە گۆی زەوی و مەخلوقاتەکانی دەوروبەریەتی، لەمە دەست پێ دەکات، ئینجا قیڕائەی خۆی دەکات، قیڕائەی خۆی بە دوو ڕەهەند دەکات ئەوانیش:

1- ڕەهەندی (خَلقْ)یی واتە خەلقکردنی و ئەفراندنی.

2- ڕەهەندی (خُلُقْ)یی واتە لە ڕووی سیفەت و ڕەوشت و نەریتەکانی کە بۆتە (خُلُقْ) تێیدا.

**الله(جل جلاله) وەك (رب) و (خالق) بناسە**

ڕەهەندی یەکەم (خَلقْ)یی واتە ئەو چاوە، ئەو گوێچکەیە، ئەوە...، ئەوە...، ئەوە... هەموو ئەمانە هی کێیە؟ (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق 2) ئەوانە هی کێیە؟ هی خالیقەتی، جارێ باسی الله(جل جلاله)ی نییە تەنیا خالیقە، تاکو ئێستا مامەڵەی لەگەڵ دوو ناو(إسم)ەوە دەبێت پەروەدگار(رب) و (الخالق) (خَلَقَ)، ئینجا دێت بەدواداچوون لۆ خۆی دەکات، لۆ نموونە ئێمە هەموومان نۆ مانگ لە سکی دایکمان بووینە، ئەگەر هەموومان بچینە نێو جیهانی سکی دایکمان، دەپرسین ئایا کاتێك دایکمان ئێمەی لە سکی خۆی هەڵگرتبوو ئێمەی دەناسی؟ بێگومان نەخێر، ئەم جارە دەپرسین: ئەی کێ ئێمەی دەناسی؟ بێگومان الله ی خالقمان ئێمە دەناسی، (خالق)مان ئێمەی دەناسی، ئایا دایکمان ئاوی پێ دەداین؟ یان دایك خواردنی پێ دەداین؟ لە گەرما و سەرما کێ دەیپاراستین؟ هەڵبەت پەروەردگارمان (رب) و (خالق) دەیکرد، دایکمان دەخەوت، دایکمان ئیشی دەکرد، جلی دەشۆری، نانی دروست دەکرد و چێشتی ئامادەدەکرد، ئەی (رب) چی دەکرد؟ پارێزگاری دەکرد، چاودێری دەکرد، دایك نووستبوو، بەڵام (رب العالمین) خواردنی پێ دەەداین، ئاوی دەداینێ، سەرمامان بووایا، گەرمی دەکرینەوە، گەرمامان بووایا، فێنکی دەکرینەوە، نەخۆش کەوبتاین چارەسەری دەکردین، کێ ئەم هەموو کارەی لۆمان دەکرد؟ (رب العالمین) بوو، توو خودای ڕەحمان سوێندتان دەدەم، ئایا (رب العالمین) لە دایکمان نزیکتر نییە؟

**وەرن با لە خالیقمان نزیکتر بکەوینەوە**

دایكمان حەمباڵێك بووە و ئێمەی هەڵگرتووە، هیچی لەدەست نەبووە، تەنیا تاكو ئێستاش پێی دەڵێن (حامل) بارهەڵگر، كە قیرائەی دەكەین، لە بواری مەخلوقییەتەكەی لۆی دەچین، هەر مرۆڤێك لە شەودا دەخەوێت، بەڵام لۆ نموونە گورچیلەكانی ناخەوێت، هەر ئەو خالیقەیە، ئەو پەروەردگار (رب)ەیە لەناو سكی دایكمان گورچیلەكانمانی ئیش پێكردووە، و بەڕێوەی دەبرد، هەمان ئەو خالیقەیە ئێمە ئێستا دەخەوین و ئەو گورچیلەكانمان بەردەوام بە ئیش دەخات، ئێمە دەخەوین بەڵام ئایا دڵمان دەخەوێت؟ جەستەمان ناخەوێت، ئایا دەزانن كەوا نووستن ئایەتێكە لە ئایەتەكانی خودای ڕەحمان، نووستن زەحمەتترین كردارە كە (رب العالمین) دەیكات، ئەگەر لە ئەنتەرنێت سەیری بكەین كە چۆن (رب العالمین) ئەو نووستنەی دروست دەكات وەك دەفەرمووێ: (فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ)(الكهف11) تاكو ئەو لێدان (ضرب)ە نەبێت مرۆڤ ناتوانێت بخەوێت، (ضرب)ەكە چییە؟ ئەوەش خۆی لە خۆیدا بابەتێكە، ئەوەی باسی دەكەین هەمووی لە بواری مەخلوقییەتی مرۆڤە، كە مرۆڤ دێت قیرائەی خۆی دەكات وەكو مەخلوق دەگاتە ئەو حاڵەتەی كردەییانە (رب) و (خالق) نزیكترین كەس دەبێ لێی.

**بزانە بەهرە (موهبة)ت چییە لە ژیان؟**

ئینجا پاشان ئەگەر كەسێك بیەوێت بەهرە (موهبة)ی خۆی بناسێت، دیسان لێرەوە دەست پێدەكات، واتە لە (علق)ەوە دەست پێدەكات، ئایا دەزانن كەوا ئەو كاتە بە چی ناسراو بووە، چ سیفەتێكی ئەرێنی هەبووە، هەڵبەتە ئەوە بەهرە (موهبة)ەی بووە، خودای ڕەحمان بە سپاردە(أمانة) پێیداوە لۆئەوەی كردەییانە ئیشی لەسەر بكات، و بیهێنێتە واقیع و بیكاتە پەیامی خۆی.

**لوتكەی كەریمی خودای لەچییە و و بە چ (أسم)ێكە؟**

لە دوای ئەوە دەفەرمووێت: (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق3-4) تاكە ناو(إسم) كە یەك جار لە قورئان هاتبێ بە (أكرم) تەنیا لێرەیە، یەك جار خودای ڕەحمان بە (الأكرم) هاتووە ئەوانی تر هەمووی (الكریم)ە، لوتكەی (كرم)ی دەبێتە (الأكرم)، ئایا (أكرم)بیەتی رب العالمین چیە؟ (عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)(العلق4-5) لوتكەی كەریمی خودای ڕەحمان (عَلَّمَ الْإِنْسَانَ)(العلق5)، (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق3-4) (أكرم)ی خودای لەوەیە كە كردەییانە (الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق4) .

**مانای (علم) و (قلم) لەچی هاتووە؟**

قەلەم چیە؟ (قلم) لیرە سیفەتە، ئەوەی پێیدەڵێن پێنووس (قلم) خودی خۆی قەلەم نییە، بەڵام سیفەتی قەڵەمی هەیە، ئەویش هەر شتێك نوكی تیژ بوو، یان شتێك درێژبوو و كۆتایی بە نووكێكی تێژ هات پێیدەگوترێت قەڵەم، ئەمە سیفەتی قەڵەمە، جۆرە ڕووكێك هەیە پێیدەگوترێت ئەشرەفی بە قەڵەم زیاد دەبێ، شێوەی برینەكەی قەڵەم چۆنە؟ شێوەی برینەكەی بە جۆرێكی تیژ دەبڕێ، پێنووسی خۆشنوویی لەبەرچی پێیدەگوترێت قەڵەم؟ چونكە نوكەكەی بەم شێوەیە دەبڕدرێت كە باسمانكرد، (قلم) لە كردار (فعل)ی (تأقلم)ەوە هاتووە، هەر منداڵێك كاتێك لەدایك دەبێت یەكەم ئیش كە دەیكات سینگی دایكی دەگرێت، چۆن سینگی دایكی دەگرێت، گونجان (تأقلم)ی كردووە، بەڵام (تأقلم)ەكەی چۆن كردووە، لە ناو سكی دایكی پەنجەی دەمژێ، (تأقلم)ەكە بریتییە لەم جۆرە ڕاهێنانەی كە مرۆڤەكە ئامادە دەكرێت، هەركاتێك هاتە واقیع بتوانێت جێبەجێی بكات و دابیەزێنێت، بە هەڵە وشەی (علم) لەلای ئێمە خوێندنەوەیە! بەڵام لە ڕاستیدا وشەی (علم) لە نیشانەدانان (علامة)وە هاتووە، وشەی (علامة)ش مانای ئاماژە(إشارة) دەگەیەنێت، ئەوەی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل وەردەگرێت، وانەیەك ئامادە دەكات، دەربارەی نیشانەكانی

هاتووچۆ(علامات المرور)، هەر دەوڵەتێکیش پارچە پەڕۆکێکی هەیە پێیدەگوترێت ئاڵا (عَلَمْ) لۆ لە زمانی عەرەبی دەڵێن (عَلَمْ) چونکە نیشانەیە، (عَلَمْ)ی هەردەوڵەتێك لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، ئاڵاکانیش چەند ڕەنگێکە، هەر دەوڵەتێك ئاماژەیەك لۆخۆی دادەنێت لۆئەوەی ئەگەر کەسێك هات نەخوێندەواریش بوو بەهۆی ئەو نیگار و ڕەنگەکەی بزانێت ئاڵاکە هی چ دەوڵەتێکە، لۆ نموونە ئاڵای وڵاتی کەنەدا چی لەسەرە؟ گەڵایەك، لۆ لەسەر ئاڵاکە نەینووسیوە گەڵا، چونکە ئەو کەسەی نەخوێندەوارە ئەگەر ئاڵاکەی بینی کە گەڵایەکە لە ناوەڕاست و لەسەر هێڵێکی سپیە و لە تەنیش سپییەکە دوو هێڵی سوورە، یەکسەر بزانێ ئەوە ئاڵا (عَلَمْ)ی کەنەدایە، (عَلَمْ) ی عێراقی سێ ئەستێرەیە و نووسینێکی لە نێوان دا هەیە، ئەگەرنا هیچ ئاڵایەك لە جیهان نووسینی لەسەر نییە، هەروەها تەنیا (علم)ی وڵاتی سعودی نووسراوە (لا الە الا الله) و شمشێرێکی لە ژێرەوەیە، بەو مانایەی ئەو (لا الە الا الله)یە بەم شمشێرە هاتووە، لە هاتووچۆدا کۆمەڵێك نیشانە هەیە ئەگەر نەخوێندەواریش بێت ئەوا ئەو نیشانانە دەزانێت، یان ماناکەی تێدەگە، لۆ نموونە لەسەر شەقام دەڕوات، نیشانەیەك هەیە لۆ نمونە هێڵێکە و ئاڕاستەیەك دیاریدەکات، کەسەکە دەزانێ ئاڕاستەی ڕۆیشتن بە کامە لایە، یان وێنەی ئاژەڵ هەیە لەسەر شەقام، بەو مانایەی ئاگاداری پەڕینەوەی ئاژەڵبە لەسەر شەقام، هەر نیشانەیەك و مانای خۆی هەیە.

ئەوەی باسمان کرد لە زمانی عەرەبی واتە (علامة) ئەمانە هەمووی کۆ بکەیتەوە دەبێتە (علم) لە سەردەمی کۆن لە وڵاتی عەرەب، و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریشیان ئاژەڵدارییان کردووە، پشتیان بە شوانکارەیی بەستووە، کاتێك ژمارەی ئاژەڵەکانیان زۆر بووە، لۆئەوەی ئاژەڵی هەر خێزانێك لە خێزانەکەی دیکە جیابکەنەوە، هەڵساون بە دانانی نیشانە لە ڕێگەی ئاگرەوە لەسەر جەستەی ئاژەڵەکانیان، واتە (علامة)تێکیان داناوە، ئەویش بە داخکردن، ئینجا بەم کردارە دەگوترا (علامة).

**ئایینی ڕاست و ڕەوان (الدين القيم) چۆن لە ناوەوەمان دانراوە؟ و ئایا لادەبرێت؟**

پەروەردگاری جیهانییان هەڵساوە بە وشەکانی خۆی ناوەوەی ئێمەی هەموو بەم شێوەیە (تعليم) کردووە، هەمووی مۆرکردووە ئەو (عیلم)ەی ئەو دەیەوێ، نیشانی(تأشير) کردووە، نیشانەی لەسەر داناوە، لەبەرئەوەیە هیچ هێزێك نییە لە بوون بتوانێت ئەو نیشانانە لاببات، ئەوەیە کە لەلای ئێمە پێیدەگووترێت ئایینی ڕاست و ڕەوان (الدين القيم)، ئەوەشە کە مرۆڤ کردەییانە لەسەر فیطرە (تفطير) کراوە وەك دەفەرمووێت: (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)(الروم30) بەم جۆرە رب العالمين ئەو ویستەی خۆی هەمووی بە نیشانە لە ناو فیطرەی ئەو مرۆڤەی (تعليم) کردووە.

**دۆزینەوەی ئەو (عِلْم)ەی خودای ڕەحمان لە ناوەوەی داناویت چۆنە؟**

ئەو (عِلم)ە مافدارێتی (أحقية)تی خۆی لە کوێ وەردەگرێت؟ لە (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا)(البقرة31) هەموو هێزێکی لە (وَعَلَّمَ آدَمَ)ەوە وەردەگرێ، علم، ئیشی چی بوو؟ (وَعَلَّمَ) ڕاستەخۆ (تعليم)ی کرد، لەلای ئێمە وشەی ناو (الإسم) واتە ڕاستییەکان (حقائق) هەر (إسم)ێك لە ناو قورئان هاتبێت، واتە ڕاستی و ڕاستەقینەکان، لەبەرئەوەیە بە هاوبەشدانەران(المشركين) دەڵێ: (إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ)(النجم23)، واتە ڕاستی تێدا نییە، ئەو ناوانەی ئێوە ڕاستەقینەیی تێدا نییە، واتە خودای ڕەحمان لەناو ناوەوەمان هەمووی (تعليم) کرد، و ئەو (علم)ە بوونی هەیە، ئەگەرهاتوو ئێمە قیرائەکان کرد ئەوا ئەو (علم)ە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەردەکەوێت، خۆی لە ژوورەوەمان ئەو (علم)ە بوونی هەیە، نیشانکراوە، ئێمە دێین بە مەشقکرد و ڕاهێنان ئەو (علم)ە دەدۆزینەوە و ئاشکرای دەکەین،

لەبەرئەوەیە منداڵ کە لە دایك دەبێت هیچ کەس فێری چۆنییەتی گاگۆڵکێی ناکات، ئەو لە ناوەوەی (تعلیم) کراوە، بەڵام دێت هێدی هێدی گاگۆڵکێ دەکات، هەر منداڵێکیش بە جۆرێك گاگۆڵکێ دەکات، یان کاتێك منداڵ گەورە دەبێت، لۆ نموونە دەیەوێت کەوچك بگرێت، و لۆ دەمی ببات، ئایا کەس فێری دەکات لۆ دەمی ببات؟ نەخێر فێر ناکرێت، یان هیچ کەسێك فێری دەکات چۆن سینگی دایکی بگرێت؟ نەخێر ئەویش کەس فێری ناکات، ئەمانە هەمووی لە ناو فیطرەی فێرکراو (مُعَلم)ە، کە دێت هیدی هێدی بەمە دەگووترێت ڕاهاتن(تأقلم)، لەبەرئەوەیە لە سەرەتا کاتێك گاگۆڵکێ دەکات، دەکەوێت، یان بەملاو بەولا دەچێت، بەڵام بە ڕاهێنانکردن و بەردەوامبوونی لە گاگۆڵکێ، دەگاتە ئاستێکی بەرز، وای لێدێت هێدی هێدی بەسەرپێ دەکەوێت، ئەمەش هەر کرداری ڕاهێنانە، لەبەرئەوەیە مرۆڤ تاکو ئەو ساتەی دەمرێت لە کرداری ڕاهێنان و ڕاهاتن (تأقلم)ە، ئێوە لێرە ڕاهێنان دەکەن، و جارێ شتەکە بیردۆزەییە، پاشان شەو هەڵدەستن جێبەجێی دەکەن، ئەو (علم)ەی لە ژوورەوەتان هەیە بە هۆی ئەو خۆڕاهێنانە (قلم)ەی دایدەبەزێننە سەر ئەرزی واقیع، ڕاهێنانکاریی لەسەر دەکەن، لەبەرئەوەیە وشەی (تأقلم) ڕاهێنان(تمرین)ە، ئێمە هەموومان بە هۆی ئەو زانست (علم)ەی لە ناوەوەمان فێری ئەو واقیعەی بووینە کە ئێستا تێیدا دەژین، هەرچی زانایەك هەیە لە هەموو پسپۆڕییەك لە نێو ناوەوەیان (مُعَلم)ە شتەکەیان بە ڕاهێنان دۆزیوەتەوە و هیناویانەتە دەرەوە، لۆیە لەلای ئێمە ئەدیسۆن ئەگەر ئەو گڵۆپەی بەرهەم هێنابێت، پێیدەڵێن دۆزەرەوە، نەك داهێنەر بێت، لۆ دەڵێین دۆزەرەوە؟ چونکە لە ژوورەوەی هەبوو، ئەویش لەدوای گەڕان و دۆزییەوە و داییەزاند لۆ واقیع، تەنیا کۆڵۆمبۆس دۆزەرەوە نییە، کە گوایا ئەو کیشوەری ئەمریکای دۆزیوەتەوە، بەڵکو لەلای ئێمە ئەدیسۆن دۆزەرەوەیە، ئەو زانایەی کەوا کامێرای دروست کرد، لەسەر شێوازی چاو دروستی کردووە، هەروەك چۆن چاو دەتوانێت شت ببینێت، ئەو کامێرایەشی بەو شێوەیە دروست کرد کەوا سیفاتی چاوی هەبێت و شت ببینێت، کەواتە لە ژوورەوە ماددەکە بوونی هەیە، و (علم)ەکە بوونی هەیە، هێدی هێدی و بە چەند ساڵێك هات و ڕاهێنانی لەسەر ئەو چاوە کرد، چاوێکی پیشەسازی دروست کرد، و ناوی نا کامێرا، کەواتە ئێمە هەموومان، فێرە (علم) دەبین بە ڕاستەقینانە، لە ژوورەوە بیردۆزەییە، دایدەبەزێنین لۆ واقیع، بەهۆی (علم)ی (تأقلم)، ئەمەیە واتای (تأقلم)، گووتمان (قلم) لێرە (صفة)یە و لە (تأقلم)ەوە هاتووە (عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)(العلق5).

### کەی کەڵەگایی (طغیان) دروست دەبێت؟

ئەگەر بەم شێوەیە نەکرا، یان ئەوانە هیچێک نەکرا ڕاستەوخۆ زەمینەی بوون بە کەڵەگا (طغیان) دروست دەبی (كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق6)، لەبەرئەوەیە من بەوە وەسف دەکرێم وەك تاوانێك کە دەڵێم: ئەوەی قیرائەی نەکردبێت پشکێك لە (طغیان)ی تێدا هەیە، بەڵێ جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە، ئەگەر کردەییانە قیرائە نەکرا هەڵبەت شوێنەواری (طغیان)ی تێدا هەیە، لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان، دەرچوون و لادانێکی هەیە، ئینجا هەر بوارێك بێت لە بوارەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فیکریی، یان هەر لایەنێکی دیکە بێت، لەبەرئەوەی قیرائەی نەکردووە دەبێ جۆرێك لە (طغیان)ی تێدا دروست ببێت، تێپەڕاندن و لە ڕاددەدەرچوون (الأفراط و التفريط) دروست ببێ: (كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق6) کەی؟ (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق7) کەی بێنیازیی (إستغناء) دروست دەبێ؟ ئەو کاتەی خودای(جل جلاله)ی بە خالق نەناسیبوو، هەستیشی نەکردبوو بەخۆشی مەخلوقە، گرنگە لێرە مرۆڤەکان بەڵێن بدەن کە دەبێ ببن بە ئیمانداری ڕاستەقینە.

**قیڕائەکردن مرۆڤێکی دیکە دێنێتە بەرهەم بەڵام جیاواز لە ئاسایی..**

سروشتی قیڕائە وایە هەرچی هەیە و نییە لە شتەکانت لۆ ئاشکرا دەکات، قیڕائەکردن یەك كۆمەڵ توانا لە ژوورەوە هەیە بە قیڕائەکردن ئاشکرا دەبێت و دەدۆزرێتەوە، واتە بە شێوەیەکی سەیر مرۆڤ دەکاتە زانا، قیڕائەکردن مرۆڤ دەکاتە دانا، قیڕائەکردن مرۆڤ هاوسەنگ دەکات، قیڕائەکردن تێڕوانینی تیژ دەکات، تێڕوانینی زۆر ڕاست دەکات، هاوسەنگییەکی دەداتێ کە بەبێ هەڵچوونەکان بژیێت، هەر مرۆڤێکتان بینی کە هاوسەنگییەکەی لە دەست دا ئەوا مانای وایە لە قیڕائەکردن لاوازە.

**چ کاتێك مرۆڤەکان هاوبەشدانەر(مشرك) دەردەچن؟**

پرسیار: قیڕائەی مرۆڤ کرا و قیڕائەی مەخلوقات کرا، مرۆڤەکە قیڕائەی خۆی کرد، ئینجا قیڕائەی ئەو دوو ڕەهەندەی: (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق3-4) دوای ئەو قۆناغێکی دی دێت: (عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)(العلق5) ئایا کردارەکە چۆنە و ئەوە چۆن دەکرێت؟ من وای لۆ دەچم کە قۆناغێك بیداتە دەست قۆناغێکی دیکە، و قیڕائەی ئەو (علم)ە چۆن دەکرێت؟

وەڵام: ئەگەر قیڕائەی (خلق)ی نەکردبێت، ئەوا قیڕائەی خۆی پێ ناکرێت، جا ئەگەر قیڕائەی (خلق)ی کرد و هەروەها قیڕائەی خۆی کرد، ئەو کاتە زەمینە دروست دەبێت لۆ قیڕائەی (علم)ەکە.

لەبەرئەوەی جیهانی ئیسلامی لەم قیڕائەیەی نەکردووە، و زۆر دواکەوتووە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا جیهانی ئیسلامی لە قیڕائەی (خلق) ڕاوەستاوە و هەر لەیەکەم ڕەهەند وەستاوە.

پرسیار: بەگوێرەی (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ)(العلق3) لێرەدا تەماشای وشەی (اقرأ) بکەین، ناگەڕێتەوە سەر مرۆڤەکەی، لۆ نموونە (اقرأ) دەکات، و (ربوبیة)ی لۆ ئاشکرا دەبێت، کاتێك (ربوبیة)ی لۆ ئاشکرابوو، کە نمرەیەکە لە تەقوا، دیارە خودای گەورە (أكرم)ە لۆ ئەو کەسەی کە (متقي)ە و قیڕائەی دەکات، جا دەگاتە ئاستێك (أکرم)ە لۆ ئەو کەسەی هەروەها پێشتر کە دەفەرمووێ (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)(الحجرات13) واتە ئەگەر سەیر بکەین ئەو (أکرم)ەی (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) لێرە کە (اقرأ) بێگومان تەقواکردنە، و (رب)ی لۆ ئاشکرا دەکات.

وەڵام: ئەو قیڕائەیەی کە بەڕێزتان باسی دەکەن، جیاناکرێت لەگەڵ قیڕائەی یەکەم و دووەم، واتە ئەگەر قیڕائەی سێیەم کرا، و قیڕائەی یەکەم و دووەم نەکرا، کەسەکە هاوبەشدانەر(مشرك) دەردەچێت.

پرسیار: چۆن؟

وەڵام: ئەگەر قیڕائەی یەکەم و دووم نەکرا، تەنیا قیڕائەی سێیەم کرا، کەسەکە هاوبەشدانەر(مشرك) دەردەچێت چونکە دێت ئەو زانستە دەپەرستێ کە خۆی تێیدا دەریهێناوە و دۆزیویەتییەوە.

پرسیار: مەبەستم ئەوەبوو قۆناغی یەکەمی بڕیبێت.

وەڵام: قۆناغی یەکەمی بڕی، و قۆناغی دووەمی بڕی، ئینجا دێتە سەر قۆناغی سێیەم، لە قۆناغی سێیەمیش هەرچی زانست هەیە هەمووی پەیوەست دەکاتەوە بە خودای ڕەحمان، لۆ؟ چونکە (أكرمية)ی خودای أکرم ئەوەیە کە کردەییانە چۆن (تعليم)ی کردووە.

جا ئەو مرۆڤە لە ژوورەوەی خۆی کە (تعلیم) کراوە، هەردەم دێت لەگەڵ ناوەوەی خۆی ئیش دەکات، ئەوەی کە (تعلیم) کراوە چۆن دایبەزێنێت لۆ واقیع، زۆرجار ئێمە بیست ساڵ لەمەوبەریش گوتوومانە مرۆڤ ئەو وزەو توانایەی لەلایە لێرە چاوی بنوقێنێت لە ئەمریکا چاوی بکاتەوە خۆی لەوێ ببێنێتەوە، ئەوە (علم)ە، و ئەفسانە نییە، واتە بنچینەکانی فیزیا و کیمیا لێرە ئیش دەکات، ئەمانەش هەموو خودای ڕەحمان داویەتێ، بەڵام (أکرم)ێتی خودای ئەو کاتە کردەییانە ئاشکرا دەبێت لۆ مرۆڤ ئیش بەمانە بکات، ئەو کاتە (أکرم)ییەتی خودای ڕەحمانی لۆ ئاشکرا دەبێت، کەوا چ خالقێکی (أکرم)ە، چ پەروەردگار (رب)ێکی (أکرم)ە کە ئەم هەموو شتانەی لەگەڵ کردووە.

پرسیار: سێ بڕگە هەیە، بەرهەمی بڕگەی یەکەم گەیشتنە بە خالق، دووەم مرۆڤەکە خۆی دەناسێت، سێیەمیش بەرهەمەکەیەتی، ئەی ئەگەر مرۆڤەکە تەنیا قیرائەی خودی خۆی کرد؟

وەڵام: مرۆڤێك دەردەچێت کە خۆی دەپەرستێت.

لە خەوشییەکانی بڕگەی سێیەمی باست کرد بریتییە لەوەی کە لە خودا دابڕاوە، بڕگەی دووەمیش ئەوەیە هەڵدەستێ بە پەرستنی خۆی، لەبەرئەوەیە پزیشکیی(طب)ی ئێستا هاوبەشدانانی (شرکي)یە، چونکە زۆر قیرائەی خۆی کردووە لە ڕووی بیردۆزەکانی تەندروستی، بەڵام خودای نەناسیوە، ئینجا ئەگەر قیرائەی خۆی کردبووایا بە گوێرەی ئەو مخلوقییەتەی کە خۆی هەیەتی و خالیق (رب)یەتی، ئەوکاتە بە هەزارەها ساڵ پێشکەوتووتر دەبوو لە پزیشکی (طب) ئێستای.

لەبەرئەوەشە ئەو زانایانەی کە دێن قیرائەی خۆیان دەکەن بەبێ قیرائەی (خالق)، یان (رب)، فەیلەسوف دەردەچن، نەك دانا دەربچن ئەمە جیایە، لەبەرئەوەیە ئێستا فەیلەسوفەکان لە ڕۆژئاوا زۆرن، لەبەرئەوەش ئەگەر هاتوو قیرائە لە خودای ڕەحمان جیاکرایەوە، ئەوا ئەو مرۆڤە خۆی دەبێتە کەڵەگا (طاغوت) وە دەفەرمووێت: (كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق6) چ کاتێك؟ (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق7) چاری چیە؟ (إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى)(العلق 8)، (قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ)(البقرة156) ئەوەیە چارەسەری دەکات، (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى * أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق6-7) مرۆڤ چ کاتێك تووشی بێنیازی(إستغناء) دەبێت؟ کاتێك قیرائەی خۆی ناکات وەك پێویست، ئەی (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق 6)، هیچ فاکتەرێك نییە کەوا دڵنیایی لۆ مرۆڤ تێدا بێت، تەنیا ئیمان نەبێت، فاکتەری دیکە ئەو دڵنیاییەیان تێدا نییە، ئینجا ئیمانەکەش ئێمانێکی ڕاستەقینە (الإیمان الحق)واتە نەك ئیمانێك کە کەموکوڕی تێدا بێت، لەبەرئەوەیە کە بینیت لە ئاست دەرچوون (طغیان) لەمرۆڤێك هەیە، بزانە ئیمانی ئەگەر هەبێتیش و بانگەشەی ئیمانداریش بکات، ئەوا لەم خاڵە کەموکوڕی هەیە.

پرسیار: بەڕێزتان باسی ئاوتان کرد، فەرمووتان ئەگەر مرۆڤەکە قیرائەی ئاوی کرد، هەرجارێك ئاوی بینی و هەمو جارێك ئاوی بینی خودای بە بیر دێنێتەوە ، یان هەندیك جار بەبیری دێنێتەوە؟

وەڵام: ئەگەر قیرائەی ئاوی کرد هەموو جارێك خودای ڕەحمانی بە خالق بە بیر دێنێتەوە.

پرسیار: لەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق2) لەبەرچی وشەی (إنسان)ی بەکارهێناوە؟ لەبەرچی وشەی (خلق المسلم) یان (خلق المؤمن)ی بەکار نەهێناوە؟

وەڵام: لە ڕەهەندی (خلق) ئاخافتنی لەگەڵدا دەکات.

پرسیار: ئەی (ناس)یش خەلقکردنی نییە؟

وەڵام: لێرە ئیشی بە (أنسان)ەکەیە.

**پێور چییە لۆ تەواوکردنی ئاستی پێویست لە قیرائەکردن؟**

پرسیار: مرۆڤ کە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە دەردەچێت بۆ پۆلی دووەم، کارتی سەرکەوتن وەردەگرێت، بەڵام لە قیرائەکردن کاتێك (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1) تەواو دەکات چ پێوەرێك هەیە کە کردەییانە بە هۆیەوە بزانیت (خَلَقَ)ەت تەواو کردووە لۆئەوەی بچیتە خزمەتی ئایەتی دووەم (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ )(العلق2)؟

وەڵام: باسی ئەوەم کرد کاتێك کە نموونەی ئاوم هێنایەوە و گووتم هەرکاتێك بە کردەییانە قیرائەی ئاوت کرد پاشان ئینجا هەر کاتێك ئاوت بینی و خودات بەبیر هاتەوە، و (رب)ت بە بیرداهات، لەم حاڵەتە تۆ کردەییانە قیرائەی ئاوت کردووە تەواو.

پرسیار: ئایا تەنیا ئاوە، (خَلَقَ) زۆر گەورەیە؟

وەڵام: ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر قسەکانم، لە پێشەوە باسی ئەمانەم کردووە، ئەوەتا گووتمان خۆر، و مانگ، و ئەستێرەکان و زەوی و باران، پاشان دێیتە سەر خواردنی مرۆڤ، ئامرازەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەمانە هەمووی باس دەکات، لەبەرئەوەبوو گووتم لە ئەنجامدا ئەمانە هەمووی کۆ بکەیتەوە، بابەتەکە وەکو تۆپێکی لێدێت، بەرداخێکم هەڵگرت و کردم بە نموونە، جا ئەو مەخلوقاتانەی دەورووبەری کە هەموو قیرائە دەکات، وەکو پەرداخەکەی، مرۆڤەکەش وەکو قەپاغەکەی وابوو، مرۆڤەکە هەرچۆنێك جووڵە دەکات لە نێو مەخلوقاتەکان، کەواتە هەموو کاتێك لەگەڵ خودای دایە.

پرسیار: ئەوەی بەڕێزتان باسی دەکەن قۆناغی یەکەمە، چونکە مەخلوقات گەلێك زۆرە، چ کاتێك هەیە کە کردەییانە، یان کۆششێك هەیە ئێمە بتوانین بە هۆیەوە ئەمانە تەواو بکەین، ئینجا پاشان بێینە سەر قیرائەی دووەم؟

وەڵام: ئەوەم خستەڕوو و دووبارەی دەکەمەوە بە پرسیارێك: کەی لە ئاسمان تەواو دەبیت؟

پاش ئەوەی خودات بەبیر هاتەوە؟

**ئایا قیرائەی چی بکەین؟**

پرسیار: ئەم هەموو مەخلوقاتانە چۆن قیرائە دەکرێت؟

وەڵام: هەمووی ناکەیت، ئەوەی پێویستە و لەدەوروبەری خۆی هەیە، و ئەوەی پەیوەندی لەگەڵی هەیە، لۆ نموونە من پێویستم بەوە نییە قیرائەی دەریا بکەم، چونکە دەریام لە دەورووبەر نییە، لە بنەڕەتدا چ ئیشم بە دەریا هەیە، گرنگە قیرائەی ئەوانە بکەم کە لە دەورووبەرم هەیە.

پرسیار: خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ)(العلق1) لەبەرچی نەیفەرمووە(الخالق) و (رب)ی بەکارهێناوە؟

وەڵام: وشەی (رب) کە خودای ڕەحمان بەکاریهێناوە، ئەم ناوە بە (إسم) یان (فعل)ی (رب) بە چوار قۆناغدا دەڕوات لەگەڵ مەخلوقەکانی، لەسەرەتا دەیهێنێتە بوون (أیجاد)ی دەکا مانای (خلق) نییە، پاشان خەلقی دەکات، پاشان (تقدیر)ی دەکا، لە نێوان هەر قۆناغێك لۆ قۆناغێکی دیکە (رب العالمین) دەبێ خۆی بوونی هەبێت لەگەڵی، ئەمە هەمووی کۆبکەرەوە دەبێتە (رب).

پرسیار: جیاوازی نێوان (آیة خَلْقیة) و (آیة خُلُقیة) چییە؟

وەڵام: سیفاتی (خِلقي) هەیە، کە باسی مرۆڤ(إنسان)کراوە لە قورئان، کە زیاتر لە (60) جار هاتووە، کە نیوەی ئەم ژمارەیە باسی جۆری (خَلْق)ی دەکات، لۆ نموونە لە خۆڵ (تراب) یان لە (نطفة)، (من ماء)، (من...)، (من...)، (من...)، ئەمانە هەمووی سیفاتی پێوەخەلقکراو (خِلقي) پێدەگووترێت، نموونەی سیفاتی (خُلُقي): (وَخُلِقَ الإنسَانُ ضَعِيفاً)(النساء28) ، (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي كَبَدٍ)(البلد4) و ...، و...، ئەوانە هەمووی پێیدەگوترێ (خُلُق) واتە ئەو مرۆڤ (إنسان)ە کە مەخلوقە و بەم سیفاتی (خِلْقي) و (خُلُقي) هەیە وەك باسی دەکات کە: لاواز (ضعيف، و ...، و...، ئینجا نیوەی باسەکە سیفاتەکانییەتی کە خراپن، نیوەکەی دیکەی سیفاتە (خِلْقي)یەکانە.